## وەڵامێک بۆ قسەکانی وەزیری بەرگریی تورک

# سەردەمی زمانی هەڕەشە بەسەرچوو..

ڕۆژنامەی (ئورتودوغو) ی تورکی لە ژمارەی ڕۆژی (١٩)ی ئابدا نووسیویەتی، کە سەباحەدین چکماک ئۆغلۆ؛ وەزیری بەرگریی تورکیا ڕایگەیاندووە «کە ناوهێنانی هەردوو شاری کەرکووک و موسڵ، کە زۆربەی دانیشتوانیان تورکمانن، بە دوو شاری کوردی لەلایەن مسعود بارزانی یەوە، کە سەرکردەیەکی کوردە لە باکووری عێراقدا، کارێکی ڕەتکراوەیە» هەروەها ڕۆژنامەکە نووسیویەتی، کە وەزیری بەرگری ئەمەشی ڕاگەیاند «کە پێویستە لەسەریان کەرکووکیش لە خەیاڵی خۆیان قەدەغە بکەن و، ڕای گشتیش دەزانێ کە ئێمە دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردین لە باکووری عێراقداو، دژی هەر پێکهاتەیەکی نوێین لەناوچەکەداو، بە هیچ شێوەیەکیش قایل نین ئەم دوو شارە بە شاری کوردی ناو ببردرێن، کە هەردووکیان بەر لە چەند سەدەیەکی دوور نیشتمانی تورکیا بووینەو، ئەم بابەتەش خەونێکە سەبارەت بەوان».

ماوەیەکی زۆرە بەرپرسانی تورکیا کەوتوونەتە بانگەشەی ئەوە، کە گوایە ئەمریکا بە نیازە پاش گۆڕانکارییەکانی ناو عێراق دەوڵەتێک بۆ کورد دابمەزرێنێت.

هەرچەندە ئەو پڕوپاگەندانەی بەرپرسانی تورکیا بە هەموو جۆرێک لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە وەڵام دراونەتەوەو، لەگفتوگۆکانی دوو قۆڵیشدا زۆر دەمێکە ئەنقەرە لەوە تێگەیەنراوە، کە شتێکی وا لە ئارادا نییە، جگە لەوەش ئەمریکا تورکیای دڵنیا کردووە، کە هیچ پڕۆژەو بەرنامەیەکی لەو جۆرەی لەبەردەستدا نییە، هەر چەندە تورکیا زۆرباش لەوە دڵنیابووە، کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە گۆڕێدا نییە؛ بەڵام بەرپرسانی لە بانگەشەکردن نەوەستاون و، تەنانەت حزبە تورکمانییەکانی بە ناوی بەرەی تورکمانیش، کە لە ژێرسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پارێزراون و، دەیان ئیمتیازی گرنگیان پێ دراوە. هەمان پڕوپاگەندەی بەرپرسانی تورکیا دووبارە دەکەنەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین بپرسین ئایا بەرپرسانی تورکیا ئەو پڕوپاگەندانە بۆچی دەکەن و؟ ئایا لەشەڕی چاوەڕوانکراوی عێراق و ئەمریکادا دەتوانن ئامانجە گڵاوەکانی خۆیان بەدەست بهێنن؟ ئەوەی لای کەس شاراوە نییە بەرپرسانی تورک چاوتێبڕینی خۆیان لە ویلایەتی موسڵ (هەرێمی کوردستانی عێراق) نا شارنەوەو، بە پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی کۆلۆنیی دادەنێن و، لە بودجەی ساڵانەی خۆشیان یەک لیرەی تورکی بۆ تەرخان دەکەن...!! بە بێ ئەوەی بزانن ویلایەتی موسڵ بە پێی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بە عێراقی ئێستا لکێندراوە، کەواتە هیچ مافێکی تورکیای ئێستا بەسەر ئەو ویلایەتەدا نەماوەو، هیچ تاکێکی ئەم هەرێمەش ئامادە نییە خۆی بە وڵاتێکی وەک تورکیاوە بلکێنێ، چونکە سوڕ دەزانێ چارەنووسی منداڵەکانیان هەر وەکو چارەنووسی منداڵانی کوردستانی تورکیا دەبێ و، دەبنە پێڵاوسڕ لە ئەستەمبوڵ و ئەزمیرو ئەنقەرەدا.

ئایندەی کوردستانیش بە بەرپرسانی تورکیاو، ئەوانەی بەدوایاندا کەوتوون دیاری ناکرێ؛ بەڵکو قوربانییەکانی گەلی کوردستانی عێراق و، هۆکاری نێودەوڵەتی (کە ناکرێ بەرپرسانی تورکیا پشت گوێی بخەن)و، گشت ئاماژەکانیش ئێستا لە بەرژەوەندیی کێشەی گەلی کوردستان دان.

ئەوەی جێی سەرنجیشە، لە کاتێکدا بەرپرسانی تورکیا داوای سەربەخۆیی بۆ چەند هەزار کەسێکی خۆیان لە قوبرس و کۆسۆڤۆ دەکەن، مافی کورد فەرامۆش دەکەن، ئەمەش لە کاتێکدا، کە ژمارەی قوربانییانی کورد بە دەست حکومەتەکانیانەوە چەند جار ئەوەندەی ئەو چەند هەزار کەسە دەبێ.

پێویستە بەرپرسانی تورک بە عەقڵ و حیکمەتەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن و، سوود لە وانەکانی مێژوو وەرگرن و، هەمیشە چارەنووسی سوپای دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستاندا بخەنە بەرچاویان و، چیتر زمانی هەڕەشە بە داگیر کردنی شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق بەکار نەهێنن، چونکە زمانی هەڕەشە لەو ڕۆژگارەی ئێمەدا باوی نەماوەو، ئەگەریش هەر سوورن لەسەر ئەم هەڵوێستەیان با دووبارە چارەنووسی خۆیان لە کوردستانی ئەمڕۆ تاقی بکەنەوە، ئەوکات بە چاوی خۆیان دەبینن، کە ئەم گەلە چۆن خۆی بە کوشت دەدات لە پێناو پاراستنی موقەدەساتی خۆی، کە کوردستانەو چۆنیش وڵاتەکەی خۆی دەکا بە گۆڕستان بۆ ئەوانەی، کە دەستی بۆ درێژ دەکەن و، بە خودی وەزیری بەرگریی تورکیاش دەڵێین؛ کە سەد ماشەڵڵا سەر بە حزبێکی زۆر (دیموکراتییە)...!، هیچ شارێک و شارۆچکەیەکی کوردستان، یان عێراق پارووی ئەو نییەو، ئێمەی کوردیش نەک هەر بەرگری لە شاری کەرکووکی دڵی کوردستان و هەولێری پایتەختی هەرێم؛ بەڵکو بەرگری لە شاری موسڵ و بەغداش دەکەین.